

# بەشداری بکەن!

کۆمەڵەی **Mannerheim** بۆ ئاسوودەیی منداڵان

MANNERHEIMIN LASTENSUOJELULIITON
*Lapin piiri*

LAPSET ENSIN

## بۆ ئاسوودەیی منداڵان Mannerheim کۆمەڵەی

- ڕێکخراوەیەکی ناحکومییە کە لە ساڵی 1920 دا دامەزراوە.
- بۆ باشترکردنی تەندروستی منداڵان، لاوان و بنەماڵە منداڵدارەکان هەوڵ دەدات.
- لە سەرانسەری فینلەندا چالاکی دەنوێنێ.
- هیچ چەشنە وابەستەییەکی سیاسی یان ئایینی نیە.

## بۆ ئاسوودەیی منداڵان Mannerheim کۆمەڵەی

- ڕێکخراوەیەکی ناوەندی لە سەرانسەری وڵاتدا
- دە (10) ڕێکخراوی ناوچەیی
- پێنجسەد و هەشتا و هەشت (588) ئەنجومەنی ناوچەیی
- زۆرتر لە 91.000 ئەندام

## بایەخەکانی MLL

- بایەخ دانان بە منداڵان و سەردەمی منداڵی
- بەهرەمەندی لە بەرپرسایەتی هاوبەش
- مرۆڤایەتی
- یەکسانی

## بنەماکانی MLL

- ڕاشکاوی
- چێژ
- دەستەبرایی
- بەشداری کردن
- بایەخ دانان بۆ شتی ڕۆژانە

MANNERHEIMIN
LASTENSUOJELULIITON
*Lapin piiri*

# چالاکی و خزمەتگوزاری بۆ بنەماڵە و منداڵان



## قاوەخانەی بنەماڵە

قاوەخانەکانی بنەماڵەی سەر بە MLL شوێنێک دەخاتە بەردەست ئەو بنەماڵانەی کە منداڵی بچووکیان هەیە کە لەوێ دەتوانن چاویان بە دایک و باوکانی دیکە بکەوێت و ئەزموونەکانی خۆیان هاوبەش بکەن. منداڵان دەتوانن لە دەرفەتی یاری لەگەڵ منداڵانی دیکە چێژ وەربگرن. قاوەخانەی بنەماڵە بۆ وتووێژ، خوارنەوەی پیاڵەیەک قاوە یان چا، وە هەروەها یاری کردن لەگەڵ منداڵان شوێنێکی گونجاوە. پسپۆڕەکانیش هەروەها لەوێ وتار پێشکەش دەکەن. فێرکارانی خۆبەخش چالاکییەکان بەڕێوە دەبەن.
قاوەخانەکانی بنەماڵە پێشوازی لە تەواوی ئەو بنەماڵانە دەکەن کە منداڵیان هەیە!
ئێوەش دەتوانن هاوکاری بکەن و ببن بە فێرکارێکی قاوەخانەی بنەماڵە.


## یانەکان

کۆمەڵەی MLL کۆمەڵێک یانەی جۆراوجۆر بۆ منداڵان و بنەماڵەکان بەڕێوە دەبات. لەم یانانەدا، منداڵان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە پێیان خۆشە، و ڕێگەیان پێ دەدرێت کە یاری بکەن، راوێژ بکەن و بە پێی توانای خۆیان شت فێر ببن. یانە یارمەتیان دەدات کە دۆستی نوێ بدۆزنەوە و فێر ببن کە چۆن دەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە خۆیان بگونجێنن.
کۆمەڵەی MLL بەخێرهاتنی هەموو منداڵان دەکات بۆ یانە!
هەروەها ئێوە دەتوانن بەشداری بکەن و ببن بە فێرکارێکی قاوەخانەی بنەماڵە.

# خۆبەخشانی پشتیوانی لە بنەماڵە

کەسانی خۆبەخش پەروەردە دەکات تاکوو ئەوان ببن بە کەسانێک بۆ MLL کۆمەڵەی پشتیوانی لەو بنەماڵانەی کە منداڵیان هەیە. خۆبەخشانی پشتیوانی لە بنەماڵە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی بنەماڵەیی بنەماڵەکاندا یارمەتی و پشتیوانی پێشکەش دەکەن، سەبارەت بە مناڵداری لەگەڵیان راوێژ دەکەن و لە راگەیشتن بە ژیانی رۆژانەیاندا یارمەتی دایک و باوکەکان دەدەن.

خۆبەخشانی پشتیوانی لە بنەماڵە بۆ ئەو بنەماڵانەی کە یەک یان چەند دانە منداڵی پێش سەرەتاییان هەیە و ئەو بنەماڵانەی کە لەواندا دایک دووگیانە بەردەستن.
هەروەها ئێوە دەتوانن هاوکاری بکەن و پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی ببن بە خۆبەخشێکی پشتیوانی لە بنەماڵە.





# چالاکییەکانی باوک- منداڵ

چالاکییەکانی باوک- منداڵ بە مەبەستی پشتیوانی لە باوک و باشتر کردنی هەڵسوکەوت
لە نێوان باوک و منداڵەکانی لە بەر چاو گیراون. ئەم چالاکیانە بریتین لە یانەکان،
ئۆردووگاکانی دایک و باوک، دانیشتنی دەستەیی هاوتەمەنان و چەشنی جۆراوجۆر لە
بۆنەکان.
هەموو باوکان دەتوانن بەشداری بکەن!
ئێوەش دەتوانن هاوکاری بکەن و ببن بە فێرکارێکی دەستەی هاوتەمەنانی باوک.



C: Anna Autio

# چالاکی بۆ دایک و باوکەکان

## دەستەی هاوتەمەنان

دەستەی هاوتەمەنان بۆ بینینی ئەو دایک و باوکانەی تر کە لە بارودۆخێکی هاوچەشندان، لە بەر چاو گیراوە. ئەم دەستانە دەرفەتێکن بۆ ئەوەی کە ئەزموون و هەستەکانی خۆتان لەگەڵ دایک و باوکانی دیکە هاوبەش بکەن.
هەمیشە فێرکارێک دەستەی هاوتەمەنان بەڕێوە دەبات. بۆ ئەو دایک و باوکانەی کە بۆ یەکەم جار لەم دەستانەدا بەشداری دەکەن و ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکەیان لە تەمەنی لاساریدان و هەندێکی زۆر لە دەستەکانی دیکە، دەستەی جیاواز لە بەر چاو گیراوە.

!هەموو دایک و باوکان دەتوانن بەشداری بکەن
.ئێوەش دەتوانن بەشداری بکەن و ببن بە فێرکاری دەستەی هاوتەمەنان

## لەگەڵ دایکێکی پەنابەر ببن بە دۆست

بەرنامەی "لەگەڵ دایکێکی پەنابەر ببن بە دۆست" دایکانی فینلاندی لەگەڵ دایکانی پەنابەر ئاشنا دەکات تا ئەوان ماوەیەك بە یەکەوە بەسەر بەرن و لەگەڵ دابونەریت و زمانی یەکتر ئاشنا ببن. دۆزەرێکی دۆست دەتوانێت هەموو رۆژێک هەندێک راوێژی زانستی پێشکەش بکات، بۆ نموونە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ کاربەدەستان.
بەشداری بکەن و ببن بە دۆزەرێکی دۆست!

## دایەگەورە و بابەگەورە گشتیەکان

دەستەی بابەگەورە و دایەگەورە گشتیەکانی MLL لە گەورەساڵانێک پێکدێن کە دەیانەوێت بە شێوەی خۆبەخشانە کاتێک بۆ ئەم بەرنامە تەرخان بکەن و هەندێک کار لەگەڵ منداڵان ئەنجام بدەن. بۆ نموونە، لەوانەیە بابەگەورە و دایەگەورە گشتیەکان بۆ خوێندنەوەی چیرۆک، یاری کردن و هەروەها ئەنجام دانی کاری هونەری و دەستی لەگەڵ منداڵان، سەردانی قاوەخانەکانی تەبەت بە بنەماڵەی MLL بکەن.
ببن بە بابەگەورە یان دایەگەورەی گشتی!



C: Elias Lahtinen

# بۆنەکان

کۆمەڵەی MLL لە بواری ڕێکخستنی بۆنە و بەسەرهاتەکان بۆ هەموو بنەماڵە کار دەکات.
هەروەها MLL هەندێک وتار سەبارەت بە تەندروستی منداڵ، مناڵداری و بوون بە دایک و باوک پێشکەش دەکات.

بۆ وەرگرتنی زانیاری بەڕۆژ و یارمەتیدان بۆ ڕێکخستنی بۆنەیەك سەردانی ئێمە بکەن!



C: MLL Lapin piiri

# ببن بە خۆبەخش

کاری خۆبەخشانە بە کارگەلێک دەگوترێت کە بێ وەرگرتنی کرێ و تەنیا بۆ یارمەتیدان بە خەڵکی دیکە کاتێکیان بۆ تەرخان دەکەن. کاری خۆبەخشانە هەستێکی خۆشی توانای دروست کردنی گۆڕان بە ئێوە دەبەخشێت. هەروەها کاری خۆبەخشانە رێگایەکە بۆ بینینی کەسانی نوێ و بەدەستهێنانی ئەزموونگەلێکی نوێ.

MLL دا، هەموو خۆبەخشان پەروەردە و پشتیوانی گونجاو بۆ رۆڵی خۆیان وەردەگرن، بۆ نموونە وەکوو راهێنەرێکی یانە یان دەستەیەک.

ببن بە خۆبەخش. لە MLL تەنانەت ئەگەر باشیش بە زمانی فینلاندی قسە ناکەن، دەتوانن بۆ راستیدا ئەنجامدانی کاری خۆبەخشانە یارمەتیتان دەدات بۆ فێربوونی زمان.

**بۆ ئاسوودەیی منداڵان چەشنی جۆراوجۆر لە دەرفەتە Mannerheim کۆمەڵەی خۆبەخشانەکان پێشکەش دەکات:**

- فێرکاری قاوەخانەی بنەماڵە
- راهێنەری یانە
- خۆبەخشی پشتیوانی لە بنەماڵە
- دۆزەری دۆست بۆ منداڵان یان لاوان
- فێرکاری چالاکی باوک- منداڵ
- فێرکاری دەستەی هاوتەمەنان
- بابەگەورە و دایەگەورەی گشتی
- دۆزەری دۆست بۆ پەنابەران
- خۆبەخشی بۆنەکان

# سەرپەرشتی منداڵ

کۆمەڵەی Mannerheim بە مەبەستی ئاسوودەیی منداڵان بۆ ئەو بنەماڵانەی کە منداڵیان هەیە، دایەنی منداڵ پەروەردە و پێشکەش دەکات. خزمەتگوزارییەکانی سەرپەرشتی مناڵ سەر بە MLL بۆ دابین کردنی پێداویستی تاوەکی و کورت ماوە لە بواری یارمەتیدان بۆ سەرپەرشتی منداڵ لە بەرچاو گیراوە. ئەم خزمەتگوزاریانە، بۆ نموونە، بۆ ئەو دایک و باوکانەیە کە کارەکەیان وایە کە دەبێت لە سەفەردا بن یان پێویستییان بەوە هەیە کە کاتێک لەگەڵ یەکتر بن و پشوویەك بدەن. دایەنی منداڵ لەهەموو کاژێرەکانی رۆژدا بەردەستن.
تێچووەکەی 10 یۆرۆ لە کاژێردا و یەکشەممانە 20 یۆرۆ لە کاژێردایە.



دایەنێکی منداڵ بگرن
تەلەفون: 4720 235 2 358+
http://lastenhoito.mll.fi
رۆژەکانی حەوتە لە کاژێر 8 ی
سەرلەبەیانی تا 1 ی پاشنیوەڕۆ کراوەیە.



C: Anna Autio

C: Päivi Karjalainen



# چۆن دەتوانم هاوکاری بکەم؟

سەردانی نووسینگەی ناوچەیی بکەن،کارمەندانی ئێمە لەوێ یارمەتیتان دەدەن.

Pirkkakatu 2
96200 Rovaniemi
Tel. +358 50 465 0704

http://lapinpiiri.mll.fi
http://www.mll.fi

**کۆمەڵەی *Mannerheim* بۆ ئاسودەیی منداڵان *(MLL)* ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ئەندامەتی گشتییە کە بۆ باشتر کردنی تەندروستی منداڵان، لاوان و بنەماڵە منداڵدارەکان هەوڵ دەدات.**

**MLL** لە هەموو کەسە داوا دەکات کە لەم کۆمەڵەدا بەشداری بکەن!


**Pirkkakatu 2**
**96200 Rovaniemi**
Tel. **+358 50 465 0704**

**http://lapinpiiri.mll.fi**
**http://www.mll.fi**